# لەسلێمانی دووهەم ساڵیادی تیرۆرکردنی عەبدالستار تاهیر شەریف بەڕێوەچوو




2010-03-04
کەسوکاری شەهید:

بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەرۆشنبیران‌و هونەرمەندان‌و ڕۆژنامەنوس کەس‌و کارو بنەماڵەی دکتۆر عەبدالستار تاهیر شەریف، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، لەهۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی دووهەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ناوبراو بەڕێوەچوو.
لەسەرەتای مەراسیمی یادکردنەوەکەدا ، وتاری پرۆفیسۆر عەزەدین مستەفا ڕەسول خوێندرایەوە کەتیایدا ناوبراو تیشکی خستە سەر ژیانی سیاسی‌و ڕۆشنبیری دکتۆر شێخ عەبدلستار تاهیر شەریف ڕونیکردەوە"تیرۆرکردنی ئەو کەسایەتییە ناودارو پر بەرهەمە زەرەرێکی زۆری لەرەوتی ڕۆشنبیری شاری کەرکوك‌و کوردستان گەیاند".
ناوبراو تیشکی خستە سەر بەرهەمەکانی ناوبراوو وتی"15 کتێبی چاپکراوی لەبوار جیاوازەکاندا بەچاپ گەیاندووەو چەند کتێبێکی تریشی ئێستا لەژێر چاپدایە".
ڕێکەوتی 2008/3/5 لەکاتێکدا کەسایتی ڕۆشنبیرو ناسراوی کورد شێخ ستار تاهیر شەریف مامۆستای زانکۆی کەرکوك بەرەو دەوامی ڕەسمی خۆی دەچوو لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە هێرشکرایە سەری‌و دەستبەجێ کوشتیان‌و بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵهاتن.

دوای وتارەکەی پرۆفیسۆر عەزەدین مستەفا رەسول چەند وتارێکی تر لەلایەن سەرنوسەری گۆڤاری لڤین، ئەحمەد میرەو، سەرنوسەری رۆژنامەی هەواڵ، شوان داودیو، سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتی رۆژنامەنوسانی کوردستان، لەتیف پێشکەش کرا. شوان داودی ئاماژە ی بە وە دا کە شە هید بە شی یە کە می (ململانی لە گە ل ژیان دا) نووسی کە ڤیانی کچی چابی کردبوو , بە لام مە ترسی هە بوو لە بە چاپ کردنی بە شی دووهە می و وتووبوی (شوان ئە تە وی بم کوژن ؟) کە چی دوای ماوە یێکی کورت شە هید بە شی دووهە می نارد بە دیاری بۆم , ئە وە بوو لە 5-3 زە نگی مۆبایلە کە م لێی دا و پێمیان ووت دکتۆر شە هید کرا.

پاشان لەلایەن نەسرەدین زەنگەنە وسداد هاشم هاورێیانی ناوبراو چەند بیرەوەرییەك پێشکەش کراو دواتریش وتاری بنەماڵی عەبدالستار تاهیر پیشکەش کرا.

بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانی کوردی لەبروسکەیەکی ماتەمینیدا بەو بۆنەیەوە رایگەیاند "ساڵیادی شەهیدبوونی د. عەبدالستار تاهیر شەریف کە ساڵانێکی درێژی تەمەنی خۆی لەپێناو دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیدا بەسەر برد".

هەروەها لەبروسکەکەدا کە لەمەراسیمەکەشدا خوێندرایەوە تیایدا هاتووە"قەڵەمەکەی عەبدالستار تاهیر لەسەردەمێکی پر لەتەگوچەڵەمەی سیاسیدا لەچەند بوارێکی گرنگدا خرابۆوە گەر کەئێستا سەرمایەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵەرەوان‌و توێژەران دادەنێ ئەمەش ئامانجی نوسەرانە کە خوالێخۆشبوو توانی بیهێنێتە دی".

لەمەراسیمی یادکردنەوەکەدا چوار پەیڤی عەبدالستار تاهیر خرایە روو کەبەپێی قسەکانی بەرێوبەری مەراسیمەکە ناوبراو باوەری تەواوی پێی هەبووە"یەکەم: لەژیانمدا بەمەست لەکەس ناترسم، دووهەم: هەمیشە بۆ پێشەوە دەرۆمرو ناگەرێمەوە، سێهەم: تا ئێستا کۆڵم نەدابێت کۆڵ نادەم با بمکوژن، چوارەم: ئەوەی دەیگێرمەوە ئامادەم لەبەردەم دادگا هەمووی بسەلمێنم".

دکتۆر عەبدالستار تاهیر شەریف، ساڵی 1935 لەشاری کەرکوك لەدایکبووە ، لەساڵی 1958 پەیوەندی کردووە بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوەو لەساڵی 1966 بۆ ساڵی 1969 بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو لەساڵی 1970 کراوە بە ئەندامی یەدەکی لیژنەی مەرکەزی ئەو حیزبە.

لەساڵی 1973 بۆ ساڵی 1975 بووە بەسکرتێری حزبی سەوری کوردستانی‌و لەساڵی 1985 وازی لەکاری حزبی هێناوەو پاشان لەساڵی 1995 ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی بەجێهێشتووەو گەراوەتەوە بۆ کوردستان لەئیدارەی پارێزگای سلێمانی بەمامۆستای زانکۆ وەرگیراوە، پاشان لەساڵی 1997 کوردستانی جێهێشتووەو چۆتە نیوزلەنداو دوای رووخانی رژێمی حکومەتی بەعس گەراوەتەوە بۆ سلێمانی‌و راژەکە لەمامۆستایەتی زانکۆ گواستۆتەوە بۆ زانکۆی کەرکوك لەساڵی 2004 کراوە بەسەرۆکی کۆلیژی پەروەردەو زانستە دەرونییەکان.

ناوبراو له 5/3/ 2008 لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە گەرە کی
رە حیماوە لە شاری کەرکوك تیرۆر کرا.

http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=348e6599